# سروشتی پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
# (مامەڵەی دۆناڵد ترامپ لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە نموونە)

**د. یەحیا عومەر ڕێشاوی***

کلیلە وشەکان: میدیا، سیاسەت، ویلایەتە یەکگرتوەکان، دۆناڵد ترامپ، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان
https://doi.org/10.31271/jopss.10073

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: (سروشتی پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - مامەڵەی دۆناڵد ترامپ لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە نموونە)، باس لە پرسێکی گرنگ دەکات. ئەویش سروشتی ئەو پەیوەندیە کارلێکەیە کە لە نێوان هەردوو کایەی سیاسیی و میدیاییدا هەیە. ئامانجی توێژینەوەکە زانینی سروشتی پەیوەندیی نێوان هەریەك لە کایەی میدیایی و کایەی سیاسیی و کارلێکی بەردەوامی نێوانیان و شیکردنەوەی سروشتی مامەڵەی سەرۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لەگەڵ میدیاو کاریگەریی سیاسەت لەسەر ڕەوشی میدیاپی، هەروەها شرۆڤەی شێوازی مامەڵەی سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (دۆناڵد ترامپ) لەگەڵ میدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

توێژینەوەکە شرۆڤەیەکی زانستییانەی بۆ ئەم پەیوەندیی و کارلێکە کردووەو لە کۆتاییدا گەشتوەتە چەند دەرنجامێك، لەوانە: میدیاو سیاسەت پانتاییەکی بەرفراوانی مێژووی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای داگیر کردووەو لە سەردەمی سۆشیالمیدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم پانتاییە فراوانترو بەهێزتر بووەو (دۆناڵد ترامپ) بە باشی دەرکی بە گرنگی و بایەخی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کردووەو هەم کات و هەم بودجەیەکی گەورەی بۆ تەرخان کردووە، هەروەها ئەم شێوازە لەبەکارهێنانی فەزای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بووەتە مایەی سەخڵەتیی بۆ کەناڵە میدیاییە تەقلیدیەکانی وەك ئاژانسەکانی هەواڵ و کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەمریکاو جیهان، هەروەها وەك چۆن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کارەکتەری سیاسیی دروست دەکەن و گەورەیان دەکەن و ناوبانگیان پێدەبەخشن، بەهەمان شێوە هەر خودی ئەم فەزایە زەبری خۆی لە کەسایەتیە سیاسییەکان دەدات و دەبێتە فاکتەری شکست و سەرنەکەوتنیان، وەك چۆن لەگەڵ (دۆناڵد ترامپ)دا ڕوویدا.

**ملخص:**

**طبيعة العلاقة بين الإعلام والسياسة في الولايات المتحدة الأمريكية**
**(معاملة دونالد ترامب للشبكات الاجتماعية كأنموذج)**

هذه الدراسة بعنوان: (طبيعة العلاقة بين الإعلام والسياسة - تعامل الرئيس الأمريكي السابق دونالد ترامب مع مواقع التواصل الاجتماعي أنموذجا)، تتناول الدراسة موضوعا مهما، وهو الطبيعة التفاعلية بين كل من مجالي السياسة والإعلام، والهدف من هذه الدراسة معرفة طبيعة هذه العلاقة في

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی yreshawy@gmail.com

الولايات المتحدة الأمريكية منذ نشوء هذا البلد، وقد ركزت الدراسة على طبيعة تعامل الرئيس الأمريكي السابق (دونالد ترامب) مع وسائل التواصل الاجتماعي .

وقد تم شرح هذه العلاقة وطبيعة التعامل مع وسائل الاعلام من قبل القادة السياسيين في الولايات المتحدة الأمريكية من خلال هذه الدراسة، وتوصل الباحث الى عدة نتائج، منها: أن كلا من الإعلام والسياسة تحتلان مساحة واسعة من تاريخ الولايات المتحدة الأمريكية، وقد برزت هذه العلاقة من خلال استخدام (دونالد ترامب) لمواقع التواصل الاجتماعي وتعامله المثير للجدل مع وسائل الإعلام، وان هذا النمط من التعامل مع فضاء مواقع التواصل الاجتماعي قد أحرج الوسائل الإعلامية التقليدية مثل وكالات الأنباء والقنوات الفضائية والصحف المشهورة في الولايات المتحدة الأمريكية والعالم، كما وأسفرت طبيعة هذه العلاقة مع مواقع التواصل الاجتماعي عن جدل واسع في الأوساط السياسية والإعلامية في الولايات المتحدة الأمريكية والعالم وخاصة أثناء انتشار مرض كورونا، وكما تساهم وسائل الاعلام في الاعلاء من شأن شخصية سياسية، فانها ربما تقف ندا لشخصية سياسية كما حدث مع دونالد ترامب، وذلك بقرار شركات موقع التواصل الاجتماعي غلق حسابات ترامب ومحاربته إعلاميا، والذي لم يسبق حدوثه مع أي رئيس سابق في الولايات المتحدة الأمريكية.

**Abstract**

The nature **of the relationship between media and politics in the United States of America (Do**nald Trump's treatment of social networking as a model)

This study: (The nature of the relationship between media and politics - former US President Donald Trump's dealings with social media as a model) deals with an important topic, which is the interactive nature between the fields of politics and the media, and the aim of this study is to know the nature of this relationship in the United States of America since the inception of this country, and the study focused on the nature of former US President Donald Trump’s dealings with social media.

This relationship and the nature of dealing with the media were explained by political leaders in the United States of America through this study, and the researcher reached several results, including: that both media and politics occupy a large area of the history of the United States of America, And that this pattern of dealing with the space of social media has embarrassed the traditional media such as news agencies, satellite channels and famous newspapers in the United States of America and the world. and this relationship emerged through Donald Trump's use of social networking sites and his controversial handling of the media, the nature of this relationship with social networking sites by Trump has resulted in widespread controversy in political and media circles in the United States of America and the world during the spread of corona disease. Just as the media contribute to raising the profile of a political figure, it may stand against a political figure, as happened with Donald Trump, with the decision of social media companies to close Trump's accounts and fight him in the media, which has never happened with any former president in the United States of America.

# پێشەکی

کاتێك دەڕوانینە ژینگەی میدیایی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەئاشکرا هەست بەو پەیوەندییە مێژوویی و جەدەلیەی نێوان میدیاو سیاسەت دەکەین، کە چۆن هەریەك لە (میدیاو سیاسەت) کارلێك و کاریگەرییەکی بەهێز لە نێوان یەکدیدا دروست دەکەن، ئەم پەیوەندیی و کاریگەرییە لە شێوازو سروشتی دەهسەڵاتی سیاسیی و حکومەت و پارتە سیاسییەکاندا بەدیار دەکەوێت، لە پەیدابوونی ئامرازە میدیاییە سەرەتاییەکانی وەك ڕۆژنامە، تا سەردەمی کاریگەریی هەڵکشاوی رادیۆو تەلەفزیۆن، تا دەگەینە سەردەمی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

لە نێو دەسەڵاتی سیاسیدا سروشتی پەیوەندیی نێوان سەرۆکە یەك لە دوای یەکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئامرازە میدیاییەکان، هەمیشە بووەتە جێباسی چاودێرانی بواری میدیاو سیاسەت و چەندین تێڕوانین و توێژینەوەو تیۆری میدیایی لێکەوتوەتەوە، سەرکردەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کاتێکی بەرچاویان بۆ چاودێریی ئامرازە میدیاییەکان تەرخان کردووەو بە هۆی بەکارهێنانی ئامرازە میدیاییەکان جەماوەرێتیان زیادی کردووە، یاخود دەزگا میدیاییەکە بە پێچەوانەوە بووەتە چاودێرێکی سەرسەخت بەسەر ئەدائی سیاسانەیان و ڕەنگە دەست لەکارکێشانەوەشیان.

لەگەڵ گەشەکردنی ئامرازە میدیاییەکان، ئاستی بەکارهێنان و بایەخپێدانی سەرۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئامرازە میدیاییەکان زیادی کردووە، ڕەنگە لوتکەی ئەم بەکارهێنان و بایەخپێدانە خۆی لە سروشتی مامەڵەی سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (دۆناڵد ترامپ)دا ببینێتەوە، کە بەشێوەیەکی سەرنجراکێش خۆی خزاندبووە نێو جیهانی میدیا، بە تایبەت بەکارهێنان و مامەڵەی لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵیداوە لە سروشتی ئەم پەیوەندیەی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکۆڵێتەوە، بە تیشك خستنە سەر شێوازی مامەڵەی سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (دۆناڵد ترامپ) لەگەڵ ئامرازە میدیاییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە بوویە مایەی مشت و مڕێکی زۆر لە ناوەندە سیاسیی و میدیاییەکانی ناوەوەو دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ (٣) باسی سەرەکیی: باسی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکەو باسی دووەم: سروشتی پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو باسی سێهەمیش تەرخان کراوە بۆ مامەڵەی (دۆناڵد ترامپ) لەگەڵ میدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە کۆتاییشدا دەرنجامەکان و راسپاردەکان و سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

# باسی یەكەم:
# چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەكە

### یەكەم: كێشەی توێژینەوەكە

توێژینەوەی زانستیی لە دەرەنجامی بوونی بۆشاییەكی زانستیی دروست دەبێت و دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر كێشەیەك بكات، كە توێژەر هەستی پێدەكات و لە دەرەنجامی وردبوونەوەو پشكنین و گەڕان بەشێوەیەكی زانستییانە باس و خواسی لەسەر دەكات، ئەم توێژینەوەیە سروشتی پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا شرۆڤە دەكات، بە جەختكردنەوە لە شێوازی مامەڵەی سەرۆكی پێشووی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا (دۆناڵد ترامپ) لەگەڵ میدیاو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان.

### دووەم: پرسیارەكانی توێژینەوەكە

توێژینەوەی میدیایی یا چەند پرسیارێك دەوروژێنێت یاخود چەند گریمانەیەك دەخاتە ڕوو، سروشتی ئەم توێژینەوەیە زیاتر لەگەڵ ئاڕاستەی وروژاندنی پرسیاردا یەكدەگرێتەوە، هەربۆیە توێژەر هەوڵدەدات وەڵامی ئەم دوو پرسیارە سەرەكییە بداتەوە:

١. سروشتی پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا چۆنە؟
٢. سەرۆكی پێشووی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، (دۆناڵد ترامپ) چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئامرازە میدیاییەكان بەگشتیی و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا بە تایبەت كردووە؟

### سێهەم: ئامانجی توێژینەوەكە

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێك لەخۆ دەگرێت، لەوانە:

١- دۆزینەوەی سروشتی پەیوەندیی نێوان هەریەك لە كایەی میدیایی و كایەی سیاسیی و كارلێكی بەردەوامی نێوانیان، بە تایبەت سروشتی ئەم پەیوەندیە لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا.
٢- زانینی سروشتی مامەڵەی سەرۆكەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەگەڵ میدیاو كاریگەریی سیاسەت لەسەر ڕەوشی میدیایی بە شێوەیەكی گشتیی.
٣- شرۆڤەی شێوازی مامەڵەی سەرۆكی پێشووی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا (دۆناڵد ترامپ) لەگەڵ میدیاو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان.

### چوارەم: بایەخی توێژینەوەكە

بایەخ و گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە لە ئەدەبیاتی میدیایی لە هەرێمی كوردستاندا كەمتر توێژینەوە لەسەر پەیوەندی نێوان میدیاو سیاسەتی وڵاتان كراوەو بەو پێیەی كاریگەریی و كارلێكییش لە نێوان تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و كایەی سیاسیدا هەیە، كەواتە ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی هەیە بۆ بواری زانستیی لە بواری توێژینەوە میدیاییەكان و دەرنجامەكانی خزمەت بە گەشەدان بە بواری زانستیی و ئەكادیمیی دەكات.

### پێنجەم: توێژینەوەكانی پێشتر

پاش گەڕان بە دوای ئەو توێژینەوانەی كە هاوشێوەی ئەم توێژینەوەن یاخود ناونیشان و

ناوەرۆکەکانیان نزیکە لەم توێژینەوەیە، توێژەر کورتەی حەوت توێژینەوەی زانستیی دەخاتە روو:
١- (مسلم، ٢٠٠٩) نامەیەکی ماستەرە بە ناونیشانی (التوظيف السياسي للإعلام في السياسة الخارجية: السياسة الإعلامية الأمريكية : دراسة حالة) پێشکەشی زانکۆی (ال البيت) کراوە.
ئامانج لەم توێژینەوەیە تیشك خستنە سەر بایەخی میدیا وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان و باسکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك توێژینەوەیەکی دۆخ، لەم توێژینەوەیەدا جەخت کراوە لەسەر هەوڵەکانی ئیدارەی ئەمریکیی بۆ سوود وەرگرتن لە میدیا بۆ گەشتن بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەهرەوە، هەروەها ئەو ئامرازانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکاری هێناون بۆ بەهێزکردنی ئەم ڕۆڵەی میدیا، وێڕای هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پەیوەندییەی نێوان میدیاو سیاسەت و ڕادەی سەرکەوتنی ئەمریکا لەم هەوڵانە، توێژینەوەکە هەوڵیداوە وەڵامی چەند پرسیارێك بداتەوە، لەوانە: ڕۆڵی میدیا چییە وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە؟ هەروەها سیاسەتی میدیایی ئەمریکیی چۆن گەشەی کردووە؟ گرنگترین ئەو حاڵەتانە چین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پڕوپاگەندەی سیاسیی بەکارهێناوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە؟
توێژینەوەکە گەشتووە بە چەند دەرەنجامێك، لەوانە: میدیا کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دوو ڕێگەی بنەرەتیەوە دروست دەکات ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ. لە ڕێگەی ڕاستەوخۆوە میدیا کاریگەریی لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی دروست دەکات و بژاردەکانی و ئەلتەرناتیڤەکانی بۆ دیاری دەکات، لەلایەکی دیکەوە میدیا کاریگەریی لەسەر هاوڵاتی ئەمریکیی دروست دەکات و پاشتریش کاریگەریی لەسەر هەڵوێستی لەمەر دروستکەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکیی دەکات، بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، هەروەها سیاسەتی چەواشەکردن بنەمایەکی سەرەکی عەقڵیەتی سەرکردانەی ئەمریکیە، ئەمەش شارازاییە مێژووییەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە تەوزیفی سیاسیانەی پرۆسەکانی چەواشەکردنی پروپاگەندەیی، لە دەرەنجامەکانی دیکەی توێژینەوەکە ئاسەوارەکانی ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ و جەنگی دژ بە تیرۆر گۆرینی سیستمی حوکمڕانی عێراق و ئەفغانستان دەریخست، کە ئەوەی میدیای بە دەستەوە بێت ئەوا جەنگەکە دەباتەوەو بە چ لایەك بیەوێت ئاڕاستەی جەماوەر دەکات و ڕایگشتی دروست دەکات، هەروەها جەنگی (ئەمریکیی - بەریتانیی) لەسەر عێراق نموونەیەکی ڕوون بوو لەسەر کاریگەریی سیاسییانەو ستراتیجیانەی میدیاو پروپاگەندەی سیاسیی، چوون زۆر بە باشیی پڕوپاگەندە بۆ ئەم جەنگە کرا .
٢- (الزغبى، ٢٠١٠)، توێژینەوەیەکە بە ناونیشانی (فلسفة الإعلام الأمريكي والشبكات الفضائية) لە ژمارە ٨ گۆڤاری (الباحث الإعلامي) بڵاوی کراوەتەوە.
ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی فەلسەفەی میدیای ئەمریکیی و شێوازی مامەڵەی لەگەڵ پرسە جۆراوجۆرەکاندا، توێژەر توێژینەوەکەی بەسەر چوار باسدا دابەشکردووە، لە باسی یەکەمدا چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە باسکراوەو لە باسی دووهەمدا تیشك خراوەتە سەر بنەما ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و فەلسەفییەکانی پشت میدیای ئەمریکیی، باسی سێهەم تەرخان کراوە بۆ ڕۆڵی سیاسییانەی میدیای ئەمریکیی لە کۆنترۆڵکردنی ڕایگشتیی، لە باسی چوارەمدا باس لەو

فەلسەفە سیاسیانە کراوە کە میدیای ئەمریکیی لەسەر وەستاوە بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسیی .
لە کۆتاییدا توێژەر گەشتووە بەچەند دەرەنجامێك لەوانە: میدیا گرنگترین ئامرازی کۆمنیکەشنی جەماوەرییەو جیهانی کردووەتە گوندێکی بچوك و پێویستە بە بایەخەوە بڕوانینە کاری میدیایی. هەروەها پێویستە وەرگری پەیامی میدیایی بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەواڵ و ناوەڕۆکی پەخشکراوی کەناڵە میدیاییەکاندا بکات، هەروەها باوەڕ نەکردن بە ئەفسانەی ئەمریکیی و دەرککردن بەوەی کە میدیای ئەمریکیی خزمەت بە بەرژوەندیەکانی ئەمریکا دەکات .
٣- (درعاوي، ٢٠١١) نامەیەکی ماستەرە بە ناونیشانی (دور الإعلام الأمريكي في صنع السياسة الخارجية الأمريكية) کە پێشکەشی زانکۆی (برزيت) لە فەلەستین  کراوە.
ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵی میدیایە لەسەر سیاسەتی دەرەوی وڵاتان و بەتایبەت ڕۆڵی کەناڵی ئاسمانی (ئەلحورە) لە پروپاگەندەو ڕەواجدان بە کارەکانی سوپای ئەمریکیی لە عێراق بەشێوەیەکی گشتیی، ئەم توێژینەوەیە ویستویەتی وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکیە بداتەوە کە ئایا ئەو ڕۆڵە بنەڕەتیەی ئامرازەکانی میدیا چییە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوی ئەمریکاو بە تایبەت کەناڵی (ئەلحورە)؟
توێژەر توێژینەوەکەی بەسەر (٥) بەشدا دابەشکردووە، بەشی یەکەم: پەیوەندیی نێوان واقیعی سیمبولیی لەگەڵ واقیعی سیاسیی، بەشی دووەم کاریگەریی دیبلۆماسیەتی نوێ (میدیا) لەسەر پاشەکشەی دیبلۆماسیەتی کلاسیکیی، لە بەشی سێهەمدا باس لە چەمکی سیاسەتی دەرەوە کراوە، لە بەشی چوارەمدا توێژەر باسی لە لایەنی ئیتیکی میدیایی کەناڵی (ئەلحورە) کردووە. لە کۆتا بەشدا باس لە چارەنووسی (ئەلحورە)و ئاڕاستەی کارکردنی کراوە .
لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی ئەم توێژینەوە پێی گەشتووە ئەوەیە، کە کەناڵی (ئەلحورە) هەوڵیداوە ڕۆڵێکی سەرەکیی ببینێت لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی عێراقیی هاوڕێك لەگەڵ سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.
٤- (يوسف، ٢٠١٨) توێژینەوەیەکە بە ناونیشانی (الخطاب الإعلامي للرئيس ترامب في الانتخابات الأمريكية)  لە ژمارە (٤٢)ی گۆڤاری (الباحث الإعلامي) بڵاو کراوەتەوە.
لەم توێژینەوەیەدا توێژەر ویستویەتی وەڵامی چەند پرسیارێك بداتەوە، لەوانە: ئەو بابەتانە چین کە (دۆناڵد ترامپ) لە دوا وتاریدا جەختی لەسەر کردووەتەوە؟ و جۆرو فۆرمی ئەو گوتارە میدیاییە چین کە ترامپ جەختی لەسەر کردووەتەوە؟
توێژەر لە توێژینەوەکەیدا سوودی لە میتۆدی وەسفیی وەرگرتووەو ئامرازی (شیکاریی ناوەرۆك)ی بەکارهێناوەو سامپڵێکی لە (١١) وتاری (دۆناڵد ترامپ) بەکارهێناوەو شیکاریی ناوەرۆکی بۆ ناوەرۆکەکانی کردووە، لەو دەرنجامانەی کە توێژەر پێی گەشتووە: سروشت و هەڵسوکەوتی دۆناڵد ترامپ بە جۆرێکە کە ئاسان نییە لە سیاسەتی دەرەوەی تێبگەیت و بە زمانی ئاخاتاونێکی زبر بەناوبانگە، هەروەها بایەخی لەڕادەبەدەری دۆناڵد ترامپ بە کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکەی و لۆمەکردنی بەردەوامی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ئۆباما بەوەی سەرکەوتوو نەبووە لە ئیدارەدانی وڵاتدا، هەروەها خەسڵەتی وروژاندن بە پلەی یەکەم لە وتارەکانی (دۆناڵد ترامپ)دا هەست

پێدەکرێت، پاشان جەختکردنەوەی لەسەر کردەی دەروونیی پاش ئەوە کردەی جەختکردنەوەو لە کۆتاییدا کردەی شیکاریی لە وتارەکانیدا دەبینرێت. وێڕای ئەمانە ترامپ جەختی لەسەر فاکتەری ئابووری کردووەتەوە بۆ پێشخستنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

٥- (جليس، ٢٠١٨) توێژینەوەیەکە بە ناونیشانی (الإعلام الأمريكي بين التحيز والموضوعية) کە لە گۆڤاری ژمارە ٢ ی گۆڤاری (الدراسات الإعلامية) بڵاوی کراوەتەوە.

لەم توێژینەوەیە توێژەر هەوڵیداوە باس لە گوتاریی میدیایی ئەمریکیی بکات سەبارەت بە (شۆڕشی چەقۆکان) و تەوژمی توندوتیژی پاش ئەو ڕووداوانە بکات کە ساڵی ٢٠١٥ لە فەلەستین ڕوویانداوە. توێژەر گرنگترین ئەو کەناڵە میدیاییانەی دیاری کردووە کە تەعبیر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن و شیکاریی ناوەرۆکی بۆ گوتارە میدیاییەکانیانی کردووە. لەوانە: ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست و کەناڵی CNN و گۆڤاری تایمزو ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز، لە کۆتاییدا توێژەر گەشتوەتە ئەو دەرەنجامەی کە میدیای ئەمریکیی دوورە لە چەمکەکانی بابەتیی بوون و بێلایەنیی و سەبارەت بە کێشەی فەلەستین میدیایی ئەمریکی تەنها دیوێکی ڕووداوەکان دەبینێت و لایەنەکانی تر فەرامۆش دەکات و میدیای ناوخۆیی ئەمریکا جەخت لەو بابەتانە دەکاتەوە کە پەیوەستن بە بەرژوەندیەکانی ئەمریکاو لایەنەکانی دیکە فەرامۆش دەکات .

6- (Tasențe, Mihaela Rus, 2019) Donald Trump's Social Media Communication or the voice of a man is stronger than the voice of an institution

پەیوەندیەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی دۆناڵد ترامپ یاخود دەنگی تەنها پیاوێک لە دەنگی دەزگایەک بەهێزترە، توێژینەوەیەکە لە ژمارە (١) ی گۆڤاری ReserchGate بڵاو کراوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر شیکردنەوەی ستراتیجی پەیامی کۆمینیوکەیشنی (دۆناڵد ترامپ) کردووە لە نێوان (٢٠١٨/٧/١) بۆ (٢٠١٩/٧/١).

بەو پێیەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەیسبوک، ئینستاگرام، تویتەر، هتد) لەم چەند ساڵەی کۆتاییدا شۆڕشێکیان لە ستراتیجی کۆمینیوکەیشنی دەزگا گشتیەکاندا دروستکردووەو ستراتیجی کۆمیونیکەیشن لە جیاوازی بنەمای دروستبوونی ئەم ئامڕازە نوێیانە بە بەراورد بە ئامڕازە کۆنباوەکان تێکەیشتووە.

هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هانی بەشداریکردنی خەڵک دەدات لە پرۆسەی حکومەتداریی ومیکانیزمێکی نوێی تێدا دروست کردووە کە دەزگا دەبێتە کەسێک و پەیوەندی دەزگایی دەبێتە پەیوەندی کەسیی.

هەروەها هەندێك کەس کە خاوەنی ناوبانگێکی ئۆنلاینیی زۆر بوون گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد کە دەنگیان لە دەنگی دەزگایەک بەهێزتر دەبێت، لەم توێژینەوەیەدا شیکردنەوە ولێکدانەوە کراوە بۆ ئەو پەیامانەی کە کاردانەوەی زۆر دروست دەکەن لە لایەن بەکارهێنەرانەوە.

لەکۆتاییدا توێژەران گەشتونەتە ئەو دەرەنجامەی کە (دۆناڵد ترامپ) شێوازێك لە پۆستکردنی بەکارهێناوە کە کاردانەوەکانی وەك (لایك، دڵخوازیی ،خەمباریی، پێکەنین) دروست دەکەن، لە کاتێکدا ئەو پۆستانەی کە کاردانەوەی خۆشەویستیی و خەمباریی دروست دەکەن بەرزترین

کاردانەوەی هەبووە لەلایەن هەوادارانەوە، بەڵام (دۆناڵد ترامپ) زۆر بەکەمتر پشتی پێ بەستوون، ئەمەش بۆ زیاتر ڕاکێشانی هەستی هەوادارانی.

7- (Morales , Price Schultz and Landreville, 2021) The Impact of 280 Characters: An Analysis of **Trump's** Tweets and Television News Through the Lens of Agenda Building

کاریگەریی (٢٨٠) پیت: شیکردنەوەیەک بۆ تویتەکانی ترامپ و هەواڵە تەلەفزیۆنیەکان لە ڕوانگەی تیۆری (ئەجێنداسازیی)ەوە. ئەم توێژینەوەیە لە ژمارە ١٥ گۆڤاری **Electronic News** بڵاو بووەتەوە.

توێژینەوەکە باس لەوە دەکات کە تویتەر کاریگەریی دروست دەکات لەو شتانەی ڕۆژنامەنووسان ڕووماڵی دەکەن بەسەر ئەو شتانەی وەرگری پەیامی میدیایی بە گرنگی دەزانێت.

توێژینەوەکە باس لە پەیوەندی تویتەکانی ترامپ وکەناڵەکانی ناوخۆ وجیهانیی دەکات لە ڕێی چوارچێوەی هەردوو لایەنی تیۆریی و پراکتیکیەوە.

توێژینەوەکە بە درێژایی سێ هەفتە لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، شیکردنەوەی بابەتی تویتەکان و بابەتەکان و کاتی پەخشکردنیان لە کەناڵەکانی (Fox News, CNN, ABC, NBC) بە بەراورد لەگەڵ تویتەکانی (ترامپ)دا کراوە.

توێژینەوەکە باس لەو پەیوەندیە بەهێزە دەکات کە لەنێوان کەناڵی (Fox News) و تویتەکانی دۆناڵد ترامپ و پەیوەندی مامناوەندیی لەگەڵ هەواڵەکانی (CNN) هەیە. هەروەها ئەوە دەردەخات کە نزیک لە نیوەی تویتەکانی ترامپ کاریگەریی هەبوە بەسەر گێڕانەوەی بێژەر یاخود میوانەکانی (Fox News).

هەروەها توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە نزیکی (٤٠٪)ی هەواڵەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان باسی دۆناڵد ترامپی تێدابووە تویتەکانی لە (١٠٪)ی هەواڵەکاندا باس کراوە، هەروەها توێژینەوەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ترامپ و Fox News کاریگەریەکی بەهێزیان بەسەر ئەجێندای کارکردنی تەلەفزیۆنیی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەیە.

**بەراووردکارییەك لە نێوان ئەم توێژینەوەو توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئەم توێژینەوەیە جیاوازیی لەگەڵ سەرجەم ئەو توێژینەوانەی پێشوودا ئەوەیە، کە تیشکی خستوەتە سەر پەیوەندی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە جەختکردنەوە لە سروشتی ئەم پەیوەندیە لای سەرۆکی پێشووی ئەمریکا (دۆناڵد ترامپ) و شێوازی مامەڵەی مشت و مڕ ئامێزی لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

توێژینەوەی یەکەم و دووەم و سێهەمی و پێنجەم لە توێژینەوەکانی پێشووی ئەم توێژینەویەدا، زیاتر تیشکیان خستووەتە سەر سروشتی پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام توێژینەوەکانی چوارەم و شەشەم و حەوتەم تەرخان کراون بۆ لێکۆڵینەوە بۆ شێوازی مامەڵەی (دۆناڵد ترامپ) لەگەڵ ئامرازە میدیاییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

و میدیای نوێ بەشێوەیەکی گشتیی.

**شەشەم: دیاریکردنی دەستەواژەکان**

- میدیا: ئامرازی سەرەکی پەیوەندیکردنە بە جەماوەرو هەموو ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە کە پەیام لەسەرچاوەیەکەوە ئاراستەی وەرگران دەکەن و کاریگەرییان لەسەر دروست دەکەن.
- سیاسەت: چالاکییەکی مرۆییە، ئامانج لێی رێکخستنی ژیانی تاکەکانە بە پێی پلان و فەلسەفەو ئایدیایەکی دیاریکراو، هەروەها هونەری بەڕێوەبردنی وڵات و حوکمداریی هاوڵاتیانە.
- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: پلاتفۆرمی ئەلیکترۆنین، رێگە بە خاوەنەکانیان دەدات، کە خۆیان بناسێنن و گوزارشت لە خۆیان بکەن و پێکەوە ڕا بگۆڕنەوەو گفتوگۆ بکەن و پەیوەندیی لەگەڵ یەکتر دروست بکەن .

## باسی دووەم:

## کارلێکی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

کارلێك و پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت یەکێکە لەو بابەتانەی کە چەندین توێژینەوەی جۆراوجۆری لەسەر نووسراوە، پسپۆران و شارەزایان ویستویانە لە سروشتی ئەم پەیوەندیە بکۆڵنەوەو شرۆڤەی ڕادەی پەیوەندیی و کاریگەرییەکەی بکەن، هەر لەم ڕوانگەیەوە هەندێك تیۆری زانستیی هەن کە باس لە ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیاو سیاسەتەکان دەکەن لە بەڕێوەبردنی دەزگا میدیاییەکان و فەلسەفەی پشتیان و ئەو ئامانجانەی کە ئاراستەو ڕەوتێکی سیاسیی دیاریکراو دەیەوێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەناڵە میدیاییەکانەوە پێی بگات و بە فەلسەفە یان تیۆرە سیاسییەکانی میدیا ناسراون، لەگەڵ ئەوەی جیاوازیی و ڕێژەی جۆراوجۆر لە سروشتیی ئەم پەیوەندییەدا لە نێوان سیستمە دیکتاتۆرو سیستمە لیبراڵەکاندا هەیە، بەڵام لە ئەنجامی شرۆڤەو وردبونەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کایەی سیاسەت بە ڕێژەی جۆراوجۆر لە هەناوی دەزگا میدیایەکاندا بوونی هەیە.

ئەم پەیوەندییەی نێوان میدیاو سیاسەت تەنها پەیوەست نییە بە سەدەی بیستەم و گەشەکردنی ئامرازەکانی میدیا، بەڵکو هەر لە سەردەمی پاشاو میرەکاندا هەمیشە ویستویانە پڕوپاگەندەو خۆنمایشکردن بەکاربهێنن بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر دوژمنانیان و لەسەر هاوڵاتیانی خۆشیان، بۆ نموونە (لویس)ی چواردە لە فەرەنسا یەکەم کەس بوو کە بایەخێکی زۆری بە دروستکردنی (وێنای زیهنیی) دەدا و پاشتر (میکاڤیللی) لە نووسین و تیۆرە سیاسییەکانیدا ئاماژەی پێدا، لەسەرتاسەری جیهان و لەسەردەمی داگیرکاریی و دروستبوونی ئیمپراتۆریەتەکانیشدا، هەمیشە داگیرکاریی پەیوەست بووە بە گرنگیدان بە پڕوپاگەندەی سیاسیی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی کاریگەریی. (ماریك، فلیب، ٢٠١٢، ل٣).

ئەم کاریگەریە ئاڵ و گۆڕەی نێوان میدیاو سیاسەت دیاردەیەکی کۆنەو یەکێك لە سیماکانی ئەم بابەتە خۆی لەو کاریگەریەدا دەبینێتەوە کە میدیا لەسەر جەماوەر و ڕایگشتی دروستی دەکات،

حکومەتیش هەمیشە هەوڵدەدات کایەی میدیایی ببێتە بەشێك لە سیاسەتە گشتییەکانی کارکردنی، هەربۆیە دەبینیت چۆن ڕۆژنامەکان دەبنە فاکتەرێکی سەرەکیی دروستبوونی شۆڕشەکان و چۆن ڕادیۆو تەلەفزیۆن کاریگەریی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دروست دەکەن و چۆن ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەردەمی ئێستاماندا دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە ژینگە سیاسییەکە، ئەم کاریگەریە دەبێتە جێگەی وردبوونەوەو هەڵسەنگاندن بۆ ئاسەوارەکانی پروپاگەندەو شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو زمانە سیاسیەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەکار دەهێنرێت، یاخود لە بەڕێوەبردنی وڵات و ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان، لە جەنگی جیهانیی دووەمدا پانتاییەکانی جەنگی میدیایی و پروپاگەندەیی و دەروونیی فراوان بوو بوو، کە هاوشان لەگەڵ بۆردومانی فرۆکە جەنگیی و سوپاکاندا گەشەی دەکرد. (ستکلتز، ٢٠٠٣، ل ٢٠٢)، کە دەگەینە سەردەمی مانگە دەستکردەکان و فروانبوونی تۆڕی ئینتەرنێت و گەشەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم کاریگەرییە زەقتر دەبینرێت و پەیوەندییە ئاڵ و گۆڕەکە بەرجەستەتر دەردەکەوێت.

بە خوێندنەوە بۆ ڕەوشی میدیایی و فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر سیاسەتی وڵاتان، دەبینین میدیا ئامرازێکی کاریگەرە لە نێو ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان و بەکار دەهێنرێت بۆ پروپاگەندە و جەنگی دەروونیی و ئاڕاستە کردن و لە ڕێگەی ئەم دەزگا میدیاییانەوە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بەدی دێت، کە شۆڕ دەبینەوە بە نێو مێژووی دروستبوونی ئامرازە میدیاییەکان، دەبینین کایەی سیاسیی هەمیشە ئامادەییەکی زیندووی هەیەو فاکتەرێکی گرنگە بۆ دروستبوون و گەشەکردنی ئامرازە میدیاییەکان، لەسەردەمی چاپخانە تا دەگەینە مانگە دەستکردەکان و تۆری ئینتەرنێت . بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

**خشتەی ژمارە (١)**

**بەشێك لەو ئامرازە میدیاییانەی کە فاکتەری سیاسیی و سەربازیی کاریگەریی هەبووە لە دروست بوونیان**

| جۆری ئامراز | فاکتەر | وڵات | ساڵ |
|---|---|---|---|
| ڕادیۆ | ژینگەی جەنگی جیهانی یەکەم | ئەوروپاو ئەمریکا | سەرەتاکانی سەدەی بیستەم |
| مانگە دەستکردەکان | شەری ساردی نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێتی جاران | یەکێتی سۆڤێتی جاران | ١٩٥٧ |
| ئینتەرنێت | هاندانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ پاراستنی نهێنیەکانی | ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا | ١٩٦٩ |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر

ئەگەر بمانەوێت بۆ ئەم بۆچوون و تێروانینانەی سەرەوە نموونە بهێنینەوەو بە روونیی باس لە پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت بکەین، ئەوا قسەکردن لەسەر (میدیاو سیاسەت) لە ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا - بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی ئەو وڵاتە تا ئێستە - باشترین گەواهیە، بۆ نموونە سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا (رۆزفلت)، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٣ بۆ ١٩٤٥ سەرۆکایەتی ئەمریکای کردووە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی و دروستکردنی کاریگەریی لەسەر گەلی ئەمریکیی. بایەخێکی زۆری بە رۆژنامەکان و ئامرازەکانی میدیاو بە تایبەتر بە رادیۆ دەدا، (جۆن کینەدی ١٩١٧-١٩٦٣) لە رێگەی تەلەفزیۆنەوە پەیامە سیاسییەکانی ئاراستە دەکردو تەلەفزیۆن توانی بیگەیێنێتە سەر کورسی سەرۆکایەتی و ناوبانگی بۆ دروستکرد، جگە لەوەی وەك نەریتێکی (میدیایی – سیاسیی) سەرۆکەکانی ئەمریکا لە رێگەی ئامرازە میدیاییەکانەوە هەفتانە پەیامێك ئاراستەی گەلی ئەمریکا دەکەن، جۆرج بۆش و ئۆباماو دۆناڵد ترامپ و بایدن زیرەکانە تۆری ئینتەرنێت و سۆشیالمیدیایان بەکارهێناوەو بیروبۆچونەکانی خۆیان بڵاو کردووەتەوە، تەنانەت هەندێك لە تیۆرە زانستییە بەناوبانگەکانی کاریگەریی میدیا لە هەناوی شرۆڤەو وردبوونەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاو شێوازی مامەڵەی سەرۆکەکانی ئەمریکا لەدایکبوون، بۆ نموونە درەکەوتنی تیۆری (کاریگەریی سنووردار) لە بواری میدیادا، ئەم تیۆرە لە دەرەنجامی توێژینەوەیەك لەسەر هەڵبژاردنەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ساڵی ١٩٣٩ هاتە نێو بواری توێژینەوە زانستییەکانەوە، کاتێك پێشبینیەکان بە جۆرێك بوون کە کاندیدی سەرۆکایەتی (رۆزفڵت) لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت، بەهۆکاری پاڵپشتینەکردنی لە لایەن دەزگا میدیاییەکانەوە، بەڵام دەرەنجامەکە پێچەوانە دەرچوو. (العبد، ٢٠١١، ص ٢٦٧)

میدیاو سیاسەت پانتاییەکی بەرفراوانی مێژووی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای داگیر کردووەو لە سەردەمی رۆژنامە ئەمریکییەکان تا سەردەمی سۆشیالمیدیاو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم پانتاییە فراوانتر دەبێت و کاریگەریی نێوانیان بەهێزتر دەبێت، بۆ نموونە لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا (لیژنەی میدیای گشتیی)یان دامەزراند لە ژێر چاودێریی رۆژنامەنوسی ئەمریکیی (جۆرج کرێل)، کە لە سەرۆکی ئەمریکاوە نزیك بوو، ئەم لیژنەیە دوو بەشی سەرەکی لەخۆگرتبوو، بەشی ناوخۆیی کە ئەرکی جۆشدانی گەلی ئەمریکیی بوو بۆ بەشداریی لە جەنگداو بەشی دەرەوە کە لە سێ هۆبە پێکهاتبوو: نووسینگەی رۆژنامەگەریی دەرەوە کە سەرپەرشتی زیاد لە ٣٠ نووسینگەی دەکرد، ئەم لیژنەیە رۆژنامەیەکی دەردەکرد کە تیراژی گەشتبووە (١٠٠٠٠٠) دانە لە رۆژێکدا، لەماوەی کارکردنیدا ٦٠٠٠ بەیاننامەی دەرکردو ٧٠ هەزار وتاربێژی خستبووە گەڕ، کە (٧٥٥١٩٠) وتاریان پێشکەش کرد، هەروەها ئەم لیژنەیە وتارەکانی سەرۆکی ئەمریکای وەردەگێڕایە سەر زۆربەی زمانەکان جیهان و هانی هەندێك لە ولایەتەکانی دەدا کە خوێندنی زمانی ئەڵمانیی قەدەغە بکەن، هەر لەم لیژنەیەدا نزیکەی ٢٠٠٠ بالۆن بۆ پروپاگەندە بەسەر هێڵەکانی جەنگی ئەڵمانیادا خرانە خوارەوەو هەر باڵۆنێك ١٠٠٠ بڵاوکراوەی هەفتانەی لەخۆ گرتبوو. (زلطه، ٢٠٠١، ل ٦٧ -٦٨)، بیریارو نووسەر (ناعوم چۆمسکی) باس لە سەرکەوتنی لیژنەی (کرێل) دەکات کە لە ماوەی تەنها ٦ مانگدا بە گۆرینی راو بۆچونی گەلی ئەمریکیی لە کەش و هەوایەکی ئارام و بێوەیەوە، بۆ گەلێك کە تووشی جۆرێك لە هیستریا هاتبوو و ئارەزووی بەشداریی جەنگی دەکردو بە ئاشکرا داوایان دەکرد بۆ رزگارکردنی جیهان بەشداریی جەنگەکە بکەن. (تشومسکی، ٢٠٠٣، ص ٩).

سروشتی ئەم پەیوەندییەی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە زەقی لە سێ شوێن و دامەزراوەی گرنگی ئەمریکا هەستی پێدەکرێت: کۆشکی سپی لە رێگەی سوپایەك لە رۆژنامەنووس و میدیاکارانەوە، دووەم وەزارەتی دەرەوە لە رێگەی باڵوێزخانەو لیژنە تایبەتمەندەکانی بە بواری پروپاگەندەو میدیاوە، سێهەم وەزارەتی بەرگریی لە رێگەی تەرخانکردنی بودجەی خەیاڵیی و هاندانی توێژینەوە میدیاییەکانەوە، هەریەك لەو سێ دامەزراوە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەم گرنگیەکی زۆر بە میدیا دەدەن و تیم و ستافی تایبەتیان بۆ تەرخان کردووە، هەم دەستێوەردانی راستەخۆو ناراستەوخۆیان لە کایەی سیاسییدا هەیە، بەجۆرێك میدیای ئەمریکیی و جیهانیی پەردەیان لەسەر چەندین چیرۆکی نهێنیی و سکاندالی نێوان ئەم دامەزراوانە بلاو کردوەتەوەو هەندێك جار کاریگەریی گەورەیان لەسەر رەوتی رووداوە سیاسییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دروست کردووەو هەندێك لەو رووادو سکاندال و چیرۆکانە کراونەتە فلیمی سینەمایی و زنجیرە تەمسیلیی، وەك سکاندالی ووتەر گێت و بیل کلینتۆن. (طاهر، ٢٠١١، ص ٦٣).

لەگەڵ ئەوەی دەزگا میدیاییە ئەمریکیەکان زۆربەیان دەزگای تایبەتن و لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا نین، بەڵام بە شێوازێك لە شێوازەکان دەیانەوێت بنەما سەرەکیەکان و تێڕوانینی ئەمریکییانە بۆ جیهان جێبەجێ بکەن، ئامرازە میدیاییە ئەمریکیەکان زۆر جارو بە شێوازێکی ناراستەوخۆ بەرژوەندیی سەرکردەو پیاوانی سیاسەت جێبەجێ دەکەن، بۆ نموونە لە جەنگی دووەمی کەنداودا حکومەتی ئەمریکیی تۆری میدیایی (CNN)ی وەك کەناڵێکی سەرەکی رووماڵی جەنگ ناساندو ئەو کەنالانەی تر کە دەیانویست رووماڵی جەنگەکە بکەن دەبوو لە رێگەی (CNN)وە ئەو کارە ئەنجام بدەن. وێڕای ئەوەی رۆژنامە بەناوبانگە ئەمریکیەکانی وەك (نیویۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست) بە شێوەیەك لە شێوەکان پشتگیریی لە هەردوو پارتی بەناوبانگی (دیموکراتیی و کۆماریی) و کاندیدەکانیان دەکەن بە تایبەت لە سەروبەندی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا.

ئەم دەزگا میدیاییانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتیی پێنج خزمەت پێشکەش بە کارمەندانی دەوڵەت و سیاسەکان دەکەن: (الناصری، ٢٠٠٠، ص ٦٥)

١- زانیاریان لەمەر رووداوەکان و ژینگەی سیایی پێشکەش دەکەن.

٢- دەبێتە رەنگدانەوەیەك بۆ رایگشتیی و جۆری بایەخدانەکان لە رێگەی تۆخکرنەوەی ئەو چیرۆکە هەواڵیانەی جێی قسەو باس و گفتوگۆی خەڵکیین.

٣- دەبنە کەناڵێکی باش بۆ گواستنەوەی راو بۆچونەکانیان بۆ جەماوەر.

٤- دەبنە پاڵپشتێك بۆ دروستکردنی بریاری سیاسیی.

٥- رایگشتیی رووەو کێشە سەرەکیی و رووداوە هەنوکەییەکان ئاراستە دەکەن.

ئەم کارلێك و پەیوەندییەی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تەنها بۆ ناوخۆی ئەو وڵاتە نییە، بەڵکو هەژمونی میدیایی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا گەشتوەتە زۆربەی وڵاتانی جیهان و لەپاڵ زاڵبوون و هەژموونی سیاسەتی ئەمریکا بەسەر جیهاندا، ئەم هەژموونە میدیاییە بەزەقیی دەبینین کە چۆن سینەماو گوتاری میدیایی ئەمریکیی و تەکنەلۆجیای میدیای ئەمریکیی خۆی خزاندۆتە ناوەرۆك و تەرزی کارکردنی دەزگا میدیاییەکانی جیهان، تەنانەت

وڵاتانی وەك فەرەنساو ئەڵمانیاو هەندێك وڵاتی دیكەی ئەورووپیی و لەگەڵیشاندا (كەنەدا)ی دراوسێی ئەمریكا نیگەرانیی قووڵیان لە بەرامبەر ئەم هەژموونەدا لێ بەرز بووەتەوەو بە ئاشكرا نارەزایەتی خۆیان بۆ زاڵبوونی كولتوورو فەرهەنگی ئەمریكیی دەربڕیوە، تا رادەی بەستنی كۆبوونەوەی هاوبەش و هەوڵدان بۆ ڕووبەروو بوونەوەی ئەم هەژموونە میدیاییەی ویلایەتە یەككرتووەكانی ئەمریكا.

هەموو ئەمەی لەسەرەوە خرایە روو بەڵگەن لەسەر ئەو پەیوەندیە بەهێزەی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو لەگەڵ گەشەكردنی ئامرازەكانی میدیا تا دەگەینە سەردەمی میدیای نوێ و تۆرە كۆمەڵایەتییەكان، ئەم پەیوەندیە لە هەڵكاشندایەو ئەگەر جاران ئامرازەكانی میدیا لەلایەن سەكردە سیاسییەكانەوە بەكارهێنرابن، ئەوا ئەمرۆ هەندێك لەو سەركردە سیاسییانەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە پاڵ گرنگیدانیان بە میدیاو تەرخانكردنی كات بۆ بەئاگابوون لە ڕەوشی میدیایی بە شێوەیەكی گشتیی، خۆیان بەجۆرێك لە جۆرەكان بوونەتە میدیاكارو هاوشان بە مومارەسەی كاری سیاسیی، جۆرێك لە كاری میدیایی ئەنجام دەدەن، دیارترینیان سەرۆكی پێشووی ئەمریكا (دۆناڵد ترامپ)ە.

## باسی سێهەم:

## مامەڵەی (دۆناڵد ترامپ) لەگەڵ میدیاو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان

ئەگەرچی مێژووی كاری سیاسیی لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا تێكەڵ بە مومارەسەی كاری سیاسیی و بانگەشەی سیاسیی لە هەڵبژاردنەكانداو ئیدارەدانی كاری سیاسیی ئەو وڵاتە یەكسانە بە بەكارهێنانی كارای فەزای میدیایی و سەرۆكە یەك لەدوای یەكەكانی ئەمریكا بە ڕێژەی جۆراوجۆر سوودیان لە كایەی میدیایی وەرگرتووە بۆ جێبەجێكردنی ئەجێندا سیاسییەكانیان، بەڵام پێناچێت هیچ سیاسەتمەدارێكی ئەمریكیی بە ئەندازەی سەرۆكی پێشووی ئەمریكا (دۆناڵد ترامپ) خۆی خزاندبێتە نێو كایەی میدیاییەوەو تیشكی میدیایی لەسەر بووبێت و خۆی وەك میدیاكارو چالەكەوانێكی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان نمایش كردبێت.

(دۆناڵد ترامپ) چل و پێنجەمین سەرۆكی ئەمریكا لە ساڵانی (٢٠١٧ – ٢٠٢١)، مشت و مرێكی گەورەی لەو ماوە كورتەی سەرۆكایەتی خۆیدا دروست كردو مەیدانی بەشێكی زۆر لەو مشت و مرە سەكۆی میدیاو بەتایبەت تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بوو، لە كاندیدبوونی، لەبانگەشەی هەڵبژاردنەكانیدا، لە دەستپێكی حوكمرانیەكەیدا، لە میانەی مومامەرەسەی دەسەڵاتەكانی وەك سەرۆك و دواجاریش كۆتایی قۆناغی سەرۆكایەتیەكەی وەك سەرۆكی ئەمریكا، لەسەرجەم ئەو قۆناغانەدا بەردەوام میدیاو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ئامادەییەكی بەرچاویان لە ئیدارەدانی حكومەتەكەیدا هەبووە (بڕوانە خشتەی ژمارە -٢-)، لە شیكردنەوەی گوتاری ئاڕاستەكراوی (دۆناڵد ترامپ) لە كەناڵە میدیاییەكان و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان – بەتایبەت تویتەر – دژیەكی زۆر دەبینرێت لە پشتگیریەوە بۆ دژایەتی و بڕیارڕدانی خێرا لەسەر ڕووداوو پێشهاتە سیاسییەكان. (یوسف، ٢٠١٨، ل ٩٣).

**خشتەی ژمارە (٢)**

هەندێك لەو كەناڵ و پلاتفۆرمە میدیاییانەی كە پشتیوانیان لە دۆناڵد ترامپ كردووە

| ژ | كەناڵ | پلاتفۆرم |
|---|---|---|
| ١ | FOX NEWS | پلاتفۆرمی GAB |
| ٢ | STAR NEWS | پلاتفۆرمی ME WE |
| ٣ | REAL AMERICA'S VOICE | پلاتفۆرمی GETTR |
| ٤ | ONE AMERICA NEWS | SPEAK WITH ANMD |
| ٥ | سایتی دۆناڵد ترامپ ی ئەلیكترۆنیی | هەندێك لە كەناڵەكانی كاتبەسەربردن |

سەرچاوە: رغد البهی، إعلام اليمين: تصاعد نفوذ المنصات الإعلامية الموالية للرئيس السابق "دونالد ترامب" انترجيونال للتحليلات الاستراتيجيه، www.interregional.com

(دۆناڵد ترامپ) كاریگەریی لە سەر گوتاری كەناڵەكانی دیگەی میدیاش دروست كردووە، لە توێژینەوەیەكی زانستیی هاوبەشدا كە لە ساڵی ٢٠٢١ بڵاو بووەتەوە، ئەوە دەردەخات كە نزیك لە نیوەی تویتەكانی ترامپ كاریگەرییان هەبووە لەسەر گێڕانەوەی بێژەر یاخود میوانەكانی Fox News، هەر لەو توێژینەوەیەدا دەركەوتووە كە نزیكی (٤٠٪)ی هەواڵەكان بەجۆرێك لە جۆرەكان باسی (دۆناڵد ترامپ)ی تێدابووەو تویتەكانی لە (١٠٪)ی هەواڵەكاندا باس كراوە. (Morales) ,  and Price Schultz  (Landreville, 2021, p21).

بەشێك لە ڕۆشنبیرانی كورد پێیان وایە كە لە هیچ شوێنێكدا پەیوەندیی نێوان تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و ڕووداوە سیاسییە گەورەكان بەو ڕاستەوخۆییە دیار نییە، وەك لە سەردەمی سەرۆكایەتیی (دۆناڵد ترامپ)دا لە ئەمریكا، ئەو یەكەمین سیاسیی مێژووە كە سۆشیالمیدیا جومگەیەكی سەرەكیی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكەی و دیاردەیەكی گرنگی حوكمڕانیی و سەرۆكایەتییەكەی بوو، لەو چوار ساڵەدا بەدرێژایی ماوەی سەرۆكایەتییەكەی ڕۆژانە لانیكەم هەژدە تویتی نووسیوەو بە جیهاندا بڵاویكردۆتەوە، كە بەسەریەكەوە زیاد لە (٢٥٠٠٠) تویتە. لەسەرەتای سەرۆكایەتییەكەیدا ڕۆژانە نزیكەی نۆ تویتی ناردوە، بەڵام لە مانگی تشرینی یەكەمی ساڵی (٢٠١٩) دا ئەم ژمارەیە بەرزدەبێتەوە بۆ (٢٧١) تویت لەیەك هەفتەدا، دۆناڵد ترامپ لەسەر تویتەر (٨٨) ملیۆن فۆڵۆوەر و لەسەر فەیسبوك (٣٥) ملیۆن و لەسەر ئینستەگرامیش (٢٤) ملیۆن و لەسەر یوتیوبیش (٢،٧) ملیۆن فۆڵۆوەری هەبووە. (قانع و فەتاح، سۆشیال میدیا لەكایەیەكی كۆمەڵایەتییەوە بۆ دەسەڵاتێكی سیاسیی، www.drawmedia.net.)

وێڕای بەكارهێنانی تویتەر، ترامپ لێزانانە تۆڕی كۆمەڵایەتیی فەیسبوكی بەكارهێناوەو بودجەیەكی زەبەلاحی بۆ تەرخان كردووەو هەندێك لە چاودێران پێیان وایە ترامپ نزیكەی ١٢٥ ملیۆن دۆلاری لە بانگەشەی هەڵبژاردندا تەنها لە تۆڕی كۆمەڵایەتیی فەیسبووكدا خەرج كردووەو ئەوەش ژمارەیەكە كە هیچ كاندیدو سەركردەیەكی ئەمریكی پێش خۆی پێی نەگەشتووە.

پێش وەستاندنی پەیجەكانی لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ژمارەی پۆست و فۆڵۆوەرەكانی لە

کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ و سەرەتای ساڵی ٢٠٢١، بەم شێوەیەی خوارەوە بووەو لە خشتەی ژمارە (٣) دا خراوتە ڕوو:

**خشتەی ژمارە (٣)**

**ژمارەی فۆلۆوەرەکانی دۆناڵد ترامپ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا داخستنی پەیجەکانی**

| جۆری تۆری کۆمەڵایەتی | ژمارەی فۆڵۆوەر | ژمارەی ئەو کەسانەی فۆڵۆی کردوون | دوا پۆست |
|---|---|---|---|
| فەیسبووك | ٣٤ ملیۆن | ٣٠ کەس | ٢٠٢١/١/٦ |
| تویتەر | ٣٢,٥ ملیۆن | ٣٦ کەس | ٢٠٢٠/١٢/٢٤ |
| ئینستاگرام | ٢٣,٤ ملیۆن | ٨ کەس | ٢٠٢١/١/٦ |

سەرچاوە: سەردانی تویژەر بۆ ئەژمارو پەیجی تایبەتی (دۆناڵد ترامپ) تا داخستنی

دۆناڵد ترامپ شێوازو ستایلی مامەڵەی فەرمییانەی سەرکردە سیاسییەکانی ئەمریکای گۆڕیی لە بەکارهێنانی میدیا وەك ئامرازێك و رایەڵێك بۆ گەیاندنی پەیام و ڕێنمایی و بڕیارەکانیان، بۆ بوون بە ئامرازێکی میدیایی هەمیشە ئامادە، ئەو بە تویتەکانی و بە پۆست و بۆچوونە سەیرەکانی و بە موتابەعەی بەردەوامیی بۆ فەزای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سەخڵەتیەکی گەورەی بۆ کەناڵە ئاسمانیی و ڕادیۆ و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو جیهان دروست کردبوو، تەنانەت بە گاڵتەجاڕیەوە ئاماژەی بەو کەناڵانە دەداو لە کۆنگرە ڕۆژنامەییەکاندا سوکایەتیی پێدەکردن و بەوە تۆمەتباری دەکردن کە هەواڵی ساختە (فەیك) بڵاو دەکەنەوە پاش نەمانی لە سەرۆکایەتی ئەمریکاو وەك کاردانەوەیەك بۆ داخستنی پەیج و هەژمارەکانی بودجەیەکی زەبەلاحی بۆ دامەزراندنی دامەزراوایەکی میدیایی گەورە تەرخان کردو تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی بە ناوی ( truth social) دروستکرد، ئەگەرچی نەیتوانی سەرکەوتنی گەورە لەم بوارەدە بەدەست بهێنێت.

دەتوانین سروشتی مامەڵەی (دۆناڵد ترامپ) لەگەڵ دەزگا میدیاییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو (دەرەوەی ئەمریکا) لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە: (ترامپ والإعلام.. صراع بين عنجهية الثري والمهنية "الفاضحة"/ الخليج اونلاين/ https://alkhaleejonline.net/ )

١- زۆربەی کەناڵە میدیاییەکانی ئەمریکا (ترامپ)یان وەك هەڕەشەیەك بۆ بەهاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دیموکراسیەت و ئازادی ڕادەربڕین وێنا دەکرد، بە تایبەت دوای هێرشی هەواداارانی بۆ سەر کۆشکی سپی.

٢- دۆناڵد ترامپ سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەك سەکۆیەکی پڕوپاگەندە بۆ خۆی بەکار دەهێناو زۆر پشتی بە دەزگا میدیاییە ئەمریکییەکان نەدەبەست.

٣- لە مامەڵەی لەگەڵ دەزگا میدیاییەکاندا هەمیشە بە تیۆری پیلانگێریی و دوژمنایەتیی دەیڕوانیە کەناڵە میدیاییەکانی ئەمریکا، تەنانەت وتەبێژی کۆشکی سپی لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی (دۆناڵد ترامپ)دا ڕەخنەی لە کەناڵە میدیاییەکانی ئەمریکا گرت بەوەی قەبارەی مەراسیمەکەیان وەك خۆی پیشان نەداوە و کەمیان کردووەتەوە!

٤- دۆناڵد ترامپ سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك جێگرەوە بۆ میدیا تەقلیدیەکانی ویلایەتە

یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەیر دەکردو یەکێك لە ڕاوێژکارەکانی کۆشکی سپی دەڵێت: ترامپ وەك چۆن پێویستیی بە خواردنە بە هەمان شێوە پێویستیی بە تویتە.

٥- دۆناڵد ترامپ ئاستی ململانێی لەگەڵ کەناڵە میدیاییەکاندا گەشتە ئەو ڕادەیەی بە ئاشکرا لە ڕێگەی پەیجەکانی و لەکۆنگرە ڕۆژنامەییەکاندا هێرشی دەکردە سەریان و بە ساختەکاریی تۆمەتباری دەکردن.

بە وردبوونەوە لە خشتەی ژمارە (٤)، ڕادەی ئەو کێبرکێیە دەردەکەوێت کە (دۆناڵد ترامپ) لەگەڵ دەزگا میدیاییە نیشتیمانیەکانی ئەمریکادا وەك (CNN و ABC و FOX NEWS و NBC)دا هەیبوەو ژمارەکان ڕاددەی بایەخدانی (دۆناڵد ترامپ)و کەناڵەکانی دیکە بە بابەتە گرنگەکانی ئەمریکا دەردەخەن، وەك (لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنەکانی واشنتۆن، لێپێچینەوە، سیاسەتی دەرەوە، لایەنگری میدیا، ئابووری، دادگەریی تاوانکاریی، بەرگریکردن، چاودێریی تەندروستیی، کاتبەسەربردن، پەروەردە، ژینگە)، کە چۆن دۆناڵد ترامپ وەك دەزگا میدیاییەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەری وەك دەزگایەکی میدیایی و کەناڵێکی گرنگی ئاراستە کردنی پەیامی سیاسیی جۆراوجۆر بەکار هێناوە.

بۆ نموونە وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، دۆناڵد ترامپ سەبارەت بە (لیکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنەکانی واشنتۆن) (١٣٨) تویتی کردووە، لەبەرامبەردا هەریەك لە کەناڵەکانی FOX NEWS (١٤١) تویت و CNN (٣٩) تویت و ABC (١٤) تویت و NBC (١٧) تویتیان لەسەر هەمان بابەت بڵاو کردووتەوە، کەواتە دۆناڵد ترامپ لە زۆربەی کەناڵەکانی تر زیاتر لەسەر ئەم بابەتە تویتی بڵاو کردوەتەوە. هەروەها سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە دۆناڵد ترامپ (٧٢) تویتی کردووە، بەڵام کەناڵەکانی FOX NEWS (١٦٧) تویت و CNN (١٥٩) تویت و NBC (١٥٣) و ABC (١٤٢) تویتیان بڵاو کردوەتەوە، لێرەدا ژمارەی تویتەکانی دۆناڵد ترامپ کەمترە لە تویتی کەناڵەکانی تر، سەبارەت بە سێکتەری ئابووری دۆناڵد ترامپ (٦١) تویتی بڵاو کردوەتەوەو هەریەك لە کەناڵەکانی FOX NEWS (٣٦) تویت و CNN (٣١) تویت و NBC (١٨) تویت و ABC (١١) تویت، وەك دیارە دۆناڵد ترامپ لە کەناڵەکانی دیکە زیاتر تویتی بڵاو کردوەتەوەو زۆریەنەی بابەتەکانی تر وەك لە خشتەکەدا دیارە دۆناڵد ترامپ ڕکابەری کەناڵە بەناوبانگەکانی ئەمریکایە.

لە لایەکی دیکەوە سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەسایەتی (دۆناڵد ترامپ)ی لە سەرکردەیەکی سیاسیەوە گۆڕی بوو بۆ دەزگایەکی میدیایی هەرائامێزو پر لە مشت و مر، فەزای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت تویتەر، لەهەموو ئەوانی تر زیاتر فووی کردبووە ئەم سەرکردە سیاسیەو بەرزبوونەوەی ژمارەی فۆڵۆوەرەکانی بۆ نزیك لە ١٠٠ ملیۆن کەس بە تەواوی شاگەشگەی کردبوو، تەنانەت تویتەکانی کردبووە سەرچاوەی دارایی و تویتەکانی وەك پشك لە بازاڕو بۆڕسە ئابووریەکانی جیهاندا مامەڵەی لەگەڵدا دەکراو قازانجی خەیاڵیی لێ دەکردن و بەهای هەر تویتێکی گەشتە نزیکەی ١١٧ هەزار دۆلار.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**پلەبەندی و بەراوردکاری نێوان تویتەکانی دۆناڵد ترامپ و تویتەکانی کەناڵە تەلەفیزۆنییە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

| ژ | تویتەکانی ترامپ (277) | دووبارە | ٪ | تویتەکانی Fox News (376) | دووبارە | ٪ | تویتەکانی (302) CNN | دووبارە | % | تویتەکانی (385) ABC | دووبارە | % | تویتەکانی (392) NBC | دووبارە | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنەکانی واشنتۆن | 138 | 50 | سیاسەتی دەرەوە | 167 | 44 | سیاسەتی دەرەوە | 159 | 42 | سیاسەتی دەرەوە | 142 | 37 | سیاسەتی دەرەوە | 153 | 39 |
| 2 | لێپێچینەوە | 97 | 35 | لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنەکانی واشنتۆن | 141 | 38 | بەرگریکردن | 118 | 31 | دادگەری تاوانکاری | 133 | 35 | دادگەری تاوانکاری | 146 | 37 |
| 3 | سیاسەتی دەرەوە | 72 | 26 | دادگەری تاوانکاری | 138 | 37 | دادگەریی تاوانکاریی | 98 | 26 | کات بەسەر بردن | 91 | 24 | بەرگریکردن | 111 | 28 |
| 4 | لایەنگری میدیا | 70 | 25 | بەرگریکردن | 121 | 32 | لێپێچینەوە | 40 | 11 | بەرگریکردن | 72 | 19 | بەرگریکردن | 54 | 14 |
| 5 | ئابووری | 61 | 22 | لایەنگری میدیا | 87 | 23 | لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنەکانی واشنتۆن | 39 | 10 | لێپێچینەوە | 45 | 12 | ژینگە | 42 | 11 |
| 6 | دادگەری تاوانکاری | 55 | 20 | لێپێچینەوە | 53 | 53 | ئابووری | 31 | 8 | هی دیکە | 39 | 10 | هی دیکە | 40 | 10 |
| 7 | بەرگریکردن | 48 | 17 | ئابووری | 36 | 36 | چاودێری تەندروستی | 24.6 | 6 | ژینگە | 30 | 8 | لێپێچینەوە | 27 | 7 |
| 8 | هی دیکە | 33 | 12 | دیکە (هتد..) | 32 | 32 | هی دیکە | 21 | 6 | چاودێری تەندروستی | 24 | 6 | چاودێری تەندروستی | 22 | 6 |
| 9 | چاودێری تەندروستی | 18 | 6.5 | کات بەسەربردن | 15 | 15 | پەروەردە | 18.5 | 5 | لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنەکانی واشنتۆن | 14 | 4 | ئابووری | 18 | 5 |
| 10 | کاتبەسەربردن | | 8.3 | پەروەردە | 14 | 14.4 | ژینگە | 4.5 | 4.5 | ئابووری | 11 | 3 | لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنەکانی واشنتۆن | 17 | 4 |
| 11 | پەروەردە | | 4.1 | چاودێری تەندروستی | 13 | 13 | کات بەسەربردن | 8.3 | 3 | لایەنگری میدیا | 5 | 1 | پەروەردە | 14 | 4 |
| 12 | ژینگە | | 4.1 | ژینگە | 9 | 9.2 | لایەنگری میدیا | 5.1 | 1 | پەروەردە | 4 | 1 | لایەنگری میدیا | 12 | 3 |

سەرنج: ڕێژەی سەدی زیاد لە 100% دانراوە، چونکە تویتێك یان بەتێك لە زیاد لە پۆلێنێکدا بەکارهێنراوە.

سەرچاوە: The Impact of 280 Characters: An Analysis of Trump's Tweets and Television News Through the Lens of Agenda Building Electronic News

لە ماوەی هەڵبژاردنی (دۆناڵد ترامپ)دا بە سەرۆكی ویلایەتە یەككرتوەكانی ئەمریكا، ئیدارەی ئەمریكیی و دۆناڵد ترامپ و (جیهان) كەوتنە نێو تاقكیردنەوەیەكی سەختەوە، ئەویش بە بڵاوبوونەوەی زۆر خێرای ڤایرۆسی (كۆڤید ١٩)، یاخود ئەوەی بە پەتای (كۆرۆنا) ناوبانگی دەركرد، سەرەتای پەتاكە لە (چین)ەوە سەری هەڵداو دواتر بە جیهاندا بڵاو بوویەوە، زۆربەی وڵاتان دووچاری ڕاڕایی و شپرزەیی مامەڵە كردن بوون لەگەڵ ئەم پەتا جیهانیە، بەڵام وا پێشبینی دەكرا كە ئەو وڵاتانەی ئەزموون و مێژویەكی تۆكمەیان لەگەڵ ئەم جۆرە پێشهاتانەدا هەیە باشتر بتوانن مامەڵە بكەن و زوتر بە سەر قەیران و كێشەكەدا زاڵ بن، بەڵام شپرزی و ڕاڕاییەكە تا ڕادەیەكی زۆر هەموانی گرتەوە .

(دۆناڵد ترامپ) وەك چۆن لەسەر هەمووشت پۆست و لێدوانی هەبوو، خێرا لە ڕێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە كەوتە گاڵتە پێكردن و سووكایەتی بە ئیدارەدانی حكومەتی چین بۆ پەتاكە، بێئاگا لەوەی لە پاش چەند مانگێك وڵاتەكەی دەبێتە یەكەم وڵات لەسەر ئاستی جیهان لە ژمارەی قوربانیانی دەست ئەم پەتا جیهانییەو حكومەتەكەی خۆی لەبەرامبەر ئەم ڤایرۆسەدا دەستەوسان دەوەستێت، تەنانەت دواتر بنەمای بانگەشەو هەڵمەتی خۆكاندیدكردنی (جۆ بایدن) ڕەخنەگرتن بوو لە شێوازی مامەڵەی ترامپ و ئیدارەكەی لەگەڵ پەتاكەو بە ئیدارەدانێكی لاوازی ناوزەد دەكرد.

(دۆناڵد ترامپ) دەیویست لە ڕێگەی فەزای تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە، بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە و پەتاكە بكاتە سەكۆیەك بۆ شكست بە نەیارانەكانی لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات و بە تویتەكانی لە تۆڕی كۆمەڵایەتیی تویتەرو بە پۆستەكانی لە تۆری كۆمەڵایەتی فەیسبووك و سەكۆكانی دیكەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، لەسەر بڵاوبوونەوەو تەشەنەكردنی پەتاكە دەیویست سۆزی هەوادارانی بۆ خۆی رابكێشێت و شەری خۆی بەسەر نەیارانیدا لە پارتی دیموكراتەكان بباتەوە.

دەكرێت شێوازی مامەڵەی سەیری (دۆناڵد ترامپ) لەگەڵ پەتاكە لەم چەند خاڵەدا كورت بكەینەوە : (السيناريو الكابوس.. عندما أراد ترامپ إرسال مرضى كوفيد إلى غوانتانامو، (/https://www.aljazeera.net/news

- ناوزەدكردنی ڤایرۆسەكە بە (ڤایرۆسی چینیی)، لە ڕێگەی تویتێكەوە لە ئەكاونتی تایبەتی خۆی .

- ترامپ هەندێك جار خۆی لەبیر دەچوویەوە كە سەرۆكی وڵاتەو خۆی لێ دەبوویە پزیشك و لە ڕێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە تەشخیسی نەخۆشیەكەی دەكردو تەنانەت چارەسەریشی بۆ دەدۆزیەوە، بۆ نموونە ئامۆژگاریكردنی هاووڵاتیان بە بەكارهێنانی مەوادی پاكژكەرەوە بۆ خۆپارێزیی و چارەسەری پەتاكە.

- بڵاوكردنەوەی تویتێك لەسەر ئەوەی ڤایرۆسەكە لە تاقیگەكانی شاری (ووهان)ی چینیەوە دزەی پێكراوەو وەك جەنگێك دژ بە ولایەتی یەكگرتوەكانی ئەمریكاو باوەڕ نەبوون بە كەرەنتینە كردن و ڕێنماییە تەندروستیەكان.

- پێشنیاری بە ناردنی توشبوانی كۆرۆنا بۆ زیندانیی گوانتاننامۆ! یاخود كەرەنتینە كردنیان لە یەكێك لە بیابەنە دوورەكان و بڵاوكردنەوەی ئەم پێشنیارەی لەرێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە .

شێوازی مامەڵەی (دۆناڵد ترامپ) لەگەڵ تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان و بە تایبەت (تویتەر)، هەرایەكی

گەورەی لە نێو ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دروست کرد، کاتێك بەرپرسان و هاوڵاتیانی ئەمریکا، لەبری ئەوەی لە ڕێگەی وتەبێژی فەرمیی و دەزگا پەیوەندیدارەکان و کەناڵە باوەڕپێکراوەکانەوە، پێشهات و بڕیارەکانی دانان و لابردن و ڕێکەوتن و ڕێنماییەکانی دەوڵەت بۆ پەتای کۆرۆنا و ململانێکیان لەگەڵ چین و ئێران ببینن و ببیستن، دەیانبینی کاتژمێر (٧)ی بەیانی و پاشتر بە درێژایی ڕۆژەکە هەموو ئەوانەی تێپەڕاندووەو لەڕێگەی چەند وشەیەکی تویتەرەکەیەوە کۆتایی بەهەموو شت هێناوە، بەم ڕەفتارە نامۆیانەی ترامپ هەموانی شپرزە کرد، ئەو تەنها سەخڵەتیی بۆ ئیدارەی ئەمریکیی و کۆنگرێس و سیاسەتی دەرەوی ئەمریکا دروست نەکرد، بەڵکو کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەك (تویتەر و فەیسبووك و یویتوب)ی خستە نێو گێژاوێکەوەو نەیاندەزانی چۆن ڕووبەڕووی ئەم شێوازەی مامەڵەی (دۆناڵد ترامپ) ببنەوە.

لە نێو ناوەندە سیاسیی و چاودێراندا داواکاریی بەرزبوویەوە بۆ سنووردان بۆ ئەم ڕەفتارەی ترامپ و تەنانەت داواکردن بە داخستنی ئەکاونت و پەیجەکانی، کە لە وڵاتێکی تەواو ئازادی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئاسان نییە سانسۆر بخرێتە سەر دەربڕین و تێڕوانین و دیدگای کەسێك و هاوڵاتیەکی ئاسایی، نەخاسمە ئەو هاوڵاتیە کەسی یەکەم و سەرۆکی وڵات بێت، بەڵام ئەوەی بوویە زەنگی مەترسیی هێرشی هەواداران و لایەنگرانی (دۆناڵد ترامپ) بوو بۆ سەر کۆنگریسی ئەمریکاو دروستبوونی مەترسیەکی گەورە لەسەر سیستمی دیموکراتی و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژی ٢٠٢١/١/٦، ئەوە بوو لە پاش ئەو هێرش و شاڵاوە بۆ سەر هەستیارترین دەزگای سیاسیی و ئەمنیی ئەمریکا (کە یەکەم جارە لە مێژوی ئەمریکا ڕووداوی لەو شێوەیە ڕوو بدات)، سەرجەم هەژمارو پەیجە تایبەتیەکانی داخران و تەنانەت لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر سەرجەم فۆڵۆوەرەکانی خرانە سەر ئەکاونتی سەرۆکی نوێی ئەمریکا جۆ بایدن . (نەتەوە یەکگرتوەکان پشتگیری داخستنی ئەکاونتەکانی دۆناڵد ترامپ دەکات، سایتی ئاژانسی ئەنادۆل, (https://www.aa.com.tr/ar

تەنانەت خودی ئەم داخستنەش جارێکی تر بوویەوە بە هەراو مشت و مڕی نێوان چاودێرانی سیاسیی و میدیایی و یاسایی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەجۆرێك هەندێك پێیان وابوو کە ئەم جۆرە بڕیارانە هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادی ڕادەربڕین و پێدانی دەسەڵاتێکە بە کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن لە سەروو دەسەڵاتی خۆیانەوەو ئەمە بیانوو دەداتە دەست ئەو کۆمپانیایانە کە هەرکات ویستیان و ئارەزوویان کرد سانسۆر بخەنە سەر سەکۆی دەربڕینی کەسێك و ئەمەش بە تەواوی دوورە لە بنەماکانی دیموکراسیەت و ئازادی دەربڕین، کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای لەسەر بونیاد نراوە، لە بەرامبەر ئەو تێروانینە بەشێکی زۆر لە چاودێران بە هەنگاوێکی گرنگیان داناوەو پێیان وایە ئەوە بڕیارە دروستەکەیەو ئەگەر ئەو بڕیارە نەدرایە ئەوا دەسەڵاتی سیاسیی و دیموکراسیەت و ئاسایشی ئەمریکا لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەدا دەبوون، تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ڕێگەی وتەبێژەکەی (ستیڤان دوچاریك)ەوە هەڵوێستی خۆی لەم بارەیەوە بە پشتگیریی دەربڕی و بە بڕیارێکی دروستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دانا، بەو پێیەی نابێت میدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببنە سەرچاوەیەك بۆ نانەوەی دووبەرەکیی و هاندانی توندوتیژیی .

## دەرئەنجامەکان

١. میدیا ئامرازێکی کاریگەرە لە نێو ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، کە لە ڕێگەی ئەم دەزگا میدیاییانەوە، ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێك بەدی دێن.
٢. میدیاو سیاسەت پانتاییەکی بەرفراوانی مێژووی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای داگیر کردووەو لەسەردەمی ڕۆژنامە کۆنباوە ئەمریکییەکان تا سەردەمی میدیای نوێ، ئەم پانتاییە فراوانتر دەبێت و کاریگەریی نێوانیان بەهێزتر دەبێت.
٣. سروشتی پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە زەقی لە سێ شوێن و دامەزراوەی گرنگی ئەمریکا دەردەکەوێت: کۆشکی سپی، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگریی .
٤. (دۆناڵد ترامپ) وەك سەرکردەیەکی سیاسیی و سەرۆکی بەهێزترین وڵاتانی جیهان، بە باشی دەرکی بە گرنگی و بایەخی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کردبوو، هەم کات و هەم بودجەیەکی گەورەی بۆ تەرخان کردبوو .
٥. فەزای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن (دۆناڵد ترامپ)ەوە بەشێوەیەکی زۆر جیاواز لەهەموو سەرکردەکانی جیهان و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەکارهێنراوەو بەشێکی زۆر لە دەرکەوتن و ئەو هەرایەی لەسەر ئاستی جیهان لەسەر دروست بوو، بەهۆی سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بوو .
٦. دۆناڵد ترامپ بەهۆی بەکارهێنانی چڕی بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوویە کێبرکێکارێکی سەرسەختی کەناڵە بەناوبانگەکانی ئەمریکا، وەك FOX NEWS , CNN , ABC.
٧. ئەم شێوازە لە بەکارهێنانی فەزای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بوویە مایەی سەخڵەتیی بۆ کەناڵە میدیاییە تەقلیدیەکانی وەك ئاژانسەکانی هەواڵ و کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەمریکاو جیهان .
٨. فەزای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فەزایەکی کراوەیەو سەکۆیەکی گرنگی دەربڕینی سەرنج و تێڕوانین و ئازادی ڕادەربڕینە، بەڵام کاتێك ئەم فەزایە دەبێتە مەترسیی بۆ سەر بەرژوەندیی گشتیی و ئاسایشی وڵاتێك، سنووری بۆ دادەنرێت و ڕێگەی لێ دەگیرێت .
٩. کۆمپانیاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەژمونێکی سیاسیانەی گەورەیان هەیەو دەتوانن ڕێگە بگرن لە سەرکردەی بەهێزترین وڵاتی جیهان لە بەشداریکردن لەو فەزا ئەلیکترۆنییە گریمانەییە .
١٠. فەزای میدیای نوێ لەم سەردەمەدا سەکۆی یەکەمی گوزارشتکردنە لە جوڵەی سیاسیی لەسەر ئاستی جیهان و بەشێکی زۆر لە کێشمەکێش و ململانێ سیاسیەکان گوازراونەتەوە بۆ نێو ئەم گۆڕەپانە میدیاییە .
١١. وەك چۆن تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کارەکتەری سیاسیی دروست دەکەن و گەورەی دەکەن و ناوبانگی بۆ دروست دەکەن، بەهەمان شێوە هەر خودی ئەو فەزایە زەبری خۆی لەم کەسایەتیە دەدات و دەبێتە فاکتەری شکست و سەرنەکەوتنی .

### پێشنیارو راسپاردەکان

١. توێژینەوەی زانستیی ئەنجام بدرێت سەبارەت بە سروشتی پەیوەندی نێوان میدیاو سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لە ڕوانگەی ئامڕازە میدیاییەکانی دیکەی وەك ڕۆژنامەو سایتە ئەلیکترۆنییەکان و کەناڵە ئاسمانییەکان.

٢. خوێندکارانی ماستەرو دکتۆرا نامەو تێزەکانیان لەمەر ئەو کارلێکەی کە لە نێوان کایەی سیاسیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە ئامادە بکەن، بە تیشك خستنە سەر ئەو ململانێی لە نێوان چین و ئەمریکاو هەندێك وڵاتی زلهێزی دونیادا هەیە.

٣. ناوەندە زانستیی و توێژینەوەکانی هەرێمی کوردستان کۆنفراسی تایبەت لەمەر کاریگەریەکانی میدیای ئەمریکیی لەسەر کولتوورو ناسنامەی ناوچەکەو هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە عەرەبیەکان


١. تشومسكي، نعوم (٢٠٠٣)، القوة والإرهاب – جذورهما في عمق الثقافة الأمريكية، ترجمة: إبراهيم الشهابي، دمشق، دار الفكر .

٢. جليس، رشا (٢٠١٨)، الاعلام الأمريكي بين التحيز والموضوعية، مجلة الدراسات الإعلامية، العدد ٢، برلين.

٣. درعاوي، ماهر داود (٢٠١١) دور الاعلام الأمريكي في صنع السياسة الخارجية الأمريكية، ، رسالة ماجستير، ، جامعة برزيت، فلسطين.

٤. الزغبى، سلامه فاروق (٢٠١٠)، فلسفة الإعلام الأمريكي والشبكات الفضائية، مجلة الباحث الإعلامي، جامعة بغداد.

٥. زلطة، عبدالله (٢٠٠١)، الاعلام الدولي في العصر الحديث، دار النشر للجامعات، القاهرة.

٦. ستكلتز، جوزيف (٢٠٠٣) العولمة ومساؤها، ترجمة: فالح عبدالقادر حلمي، بيت الحكمة، الطبعة الأولى، بغداد.

٧. طاهر، سمر (٢٠١١)، الاعلام في عصر العولمة والهيمنة الأمريكية، القاهرة، دار نهضة مصر.

٨. العبد و العبد (٢٠١١)، نظريات الاعلام و تطبيقاتها العربية، دار الفكر العربي، القاهرة.

٩. ماريك، فيليب (٢٠١٢)، الحملة الإعلامية والتسويق السياسي، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع.

١٠. مسلم، ناصر بدر بندر (٢٠٠٩) التوظيف السياسي للإعلام في السياسة الخارجية، الديحاني، رساله ماجستير، عمان، جامعة ال البيت .

١١. الناصري، عبدالعزيز (٢٠٠٠)، الإعلام و دو الأمة، مجلة النبأ، العدد ٤٢.

١٢. يوسف، ليث بدر (٢٠١٨)، الخطاب الإعلامي للرئيس الأمريكي في الانتخابات الأمريكية، مجلة الباحث الإعلامي، العدد ٤٢، جامعة بغداد.

## دووەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان

13. Erendira Abigail Morales and Cindy J. Price Schultz و Kristen D. Landreville, (2021), Electronic News, vol 15
14. Stephan Lewandowsky, Michael Jetter and Ullrich K. H. Ecker , Using the president's tweets to understand political diversion in the age of social media, natur communication
15. Tӑnase Tasenţe , habil. Mihaela Rus (2019), Donald Trump's Social Media Communication or the voice of a man is stronger than the voice of an institution, ReserchGate, Vol. 1

## سێهەم: سەرچاوەی ئینتەرنێتیی

١٦. ترامب والإعلام.. صراع بين عنجهية الثري والمهنية "الفاضحة"/ الخليج اونلاين/
https://alkhaleejonline.net/سياسة/ترامب-والإعلام-صراع-بين-عنجهية-الثري-والمهنية-الفاضحة

١٧. دونالد ترامب على مواقع التواصل الاجتماعي
https://alkhaleejonline.net/https://ar.wikipedia.org/wiki/دونالد_ترامب_على_وسائل_التواصل_الاجتماعي.

١٨. سایتی ئاژانسی ئەنادۆل، نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری داخستنی ئەکاونتەکانی دۆناڵد ترامپ دەکات، https://www.aa.com.tr/ar /

١٩. ڤانع، مەریوان وریا و فەتاح، ئاراس، سۆشیال میدیا: لەکایەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دەسەڵاتێکی سیاسیی https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7659

٢٠. السيناريو الكابوس.. عندما أراد ترامب إرسال مرضى كوفيد إلى غوانتانامو،
https://www.aljazeera.net/news/2021/6/24/السيناريو-الكابوس-عندما-أراد-ترامب

٢١. ڤیدیۆ والێك سەبارەت بەکارهێنانی تویتەر لەلایەن دۆناڵد ترامپ لە سایتی NRT.

٢٢. هل يحق لشبكات التواصل الاجتماعي حظر دونالد ترامب ؟
https://www.aljazeera.net/news/humanrights/2021/1/10/هل-يحق-لشبكات-التواصل-الاجتماعي-حظر

٢٣. رغد البهی، إعلام اليمين: تصاعد نفوذ المنصات الإعلامية الموالية للرئيس السابق "دونالد ترامب" انترجيونال للتحليلات الاستراتجيه،
https://www.interregional.com/إعلام-اليمين/